# ژیاننامەی
# خالید حوسەینی



خالید حوسەینی لە (4 مارسی 1965 زایینی) لە باوك و دایكێكی هەراتیك كە دانیشتووی كابول بوون هاتوەتە دنیاوە و هەر لەوێش پەروەردە بووە. باوكی وەكو دیپلۆمات لە وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئەفغانستان كاریكردووە و دایكی مامۆستای زمانی فارسی و مێژوو بووەك لە یەكێك لە قوتابخانە گەورەكانی ئامادەیی كابول.

لە ساڵی (1976) ئەوكاتەی كە باوكی خالید حوسەینی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەفغانستانەوە نێردرا بۆ فەرەنسا، ئەویش لەگەڵ خێزانەكەیدا چوو بۆ پاریس، بەڵام لە دوای كودەتای خوێناویی كۆمۆنیستی لە ئەفغانستان و هێرشی لەشكری سوری سۆڤیەت بۆ ئەم وڵاتە، باوكی خالید حوسەینیش لە ساڵی 1980 لە باڵیوزخانەی ئەفغانستان لادرا، هەربۆیە خێزانی حوسەینی بوونە پەنابەری سیاسی لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و لە (سن هوزە) كە سێیەمین شاری گەورەی ویلایەتی كاڵیفۆرنیایە، نیشتەجێبوون.

حوسەینی لە ساڵی 1984 قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواوكرد، پاشان لە زانكۆی (( سانتا كلارا(santa clara) )) ناوی خۆی تۆماركرد و لە ساڵی 1988 بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە كۆلێژی ژینگەناسی بەدەستهێنا. ساڵی دواتریش چووە زانكۆی پزیشكیی شاری «سان دیگۆ» لە كالیفۆرنیا.(the university of California- san degos shool of medicine) ئەو شوێنەی كە لەساڵی 1993دا بڕوانامەی پزیشكیی لێوەرگرت. لە نێوان ساڵانی 1996 و 2004، خولی ڕاهێنان و جێبەجێكردنی لە بواری پزیشكیی نێو نەخۆشخانەكان (cedars-sinai) لە شاری لۆس ئەنجلس تەواوكرد. خالید حوسەینی ، لەمانگی مارسی (2001) دا، ئەوكاتەی كە هێشتا لە خولی جێبەجێكردندا بوو، دەستیكرد بە نوسینی یەكەمین ڕۆمانی خۆی بە ناونیشانی (كۆلارە باز). ئەم ڕۆمانە كە لەساڵی 2003 دا بڵاوكرایەوە، بوو بە یەكێك لە پڕ فرۆشترین كتێبەكانی جیهان و وەكو سێیەمین كتێبی پڕفرۆشی هەمانساڵ ناسێنراو لە 48 وڵاتی جیهان چاپكرا. بەمجۆرە سەركەوتنێكی گەورەی بۆ ئەدەبیاتی ئەفغانستان لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا بەدیهێنا.

باران

ئا: باران








له ساڵی (2006) دا حوسەینی ، لەلایەن ئاژانسی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)ەوەك وەکو (باڵوێزی چاکەخواز) ناوبرا، پاشان به هاوکاریی ئەم ئاژانسە سەفەرێکی بۆ ئەفغانستان کرد. ئەم سەفەرە بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کۆمەك گەیاندنی بۆ ئەفغانەکان لەلا دروستکرد، هەربۆیە لەساڵی (2007) دا بۆ بەخشینی کۆمەکی مرۆڤدۆستانە (ڕێکخراوی خالید حوسەینی)ی له ئەفغانستان دامەزراند.

له هەمانساڵدا ڕۆمانی دووەمی خالید حوسەینی، له ژێر ناونیشانی ( هەزار خۆری درەوشاوە) چاپکرا. که له (40) وڵات چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

خالید حوسەینی هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی دوو منداڵە ( کوڕێك و کچێك به ناوەکانی حارس و فەرەح) و ئێستاکەش لەگەڵ خێزانەکەیدا له باکوری کالیفۆرنیا دەژی.

**بەرهەمەکانی:**

کۆلارە باز (the kite Runner) یەکەمین ڕۆمانی خالید حوسەینییە به زمانی ئینگلیزی، ئەگەرچی ئەو دەڵێت لەڕابردوودا هەندێك چیرۆکی به فارسی، زمانی دایکیشی نوسیوە.

ئەم ڕۆمانە به دەنگی خودی نوسەر و بەشێوەی دەنگیش بڵاوکراوەتەوە، هەروەها له دیسەمبەری ساڵی 2007دا فیلیمێك به هەمان ناو و بەسود وەرگرتن لەم ڕۆمانە بەرهەمهێنراوە. ئەم ڕۆمانە تا ئێستا بۆ چەندین زمانی دنیا لەوانە زمانی کوردیش وەرگێڕدراوەو 8 ملیۆن دانەی له زیاتر له سی وڵات لێفرۆشراوە. دووەمین ڕۆمانی ناوداری خالید حوسەینی (هەزار خۆری درەوشاوە)یە (A tnousand splendid) که لانیکەم سێ حەفتە لەسەریەك وەکو پڕ فرۆشترین کتێبی ئەدەبیاتی داستانی بوو له ئەمریکای باکور. خالید حسێنی له گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا، سەبارەت به ڕۆمانە نوێکەی وتبووی، که ناوی ڕۆمانەکەی له شیعرێکی سائیب تەورێزی ( شاعیری سەدەی 17ی زایینی)یەوە وەرگرتوە. که ئاماژەیە بۆ ئەم شیعرەی سائیب.

